www.kurdistannet.org
23-3-2002 0:26

ئاگادارییەك لە یانەی كوردی لە ئەمستردام "میدیـــــــا"وە

ڕۆژ: 19 / 7 / 2002

ژمارە: 23- 19032002.KVA.SA

## كۆڕێكی زانیاری بەخشین بۆ كاروكاردۆزینەوە

ڕۆژی شەممە ڕێكەوتی : 30 / 03 / 2002 كاتژمێر دووی پاشنیوەڕۆ: 14,00 لە هۆڵی یانە

بەڕێزان كوردە پەناهەندەكانی هۆڵەندە،

پاش سلاو....

زۆر لە مێژە یانەی كوردی میدیـــــــا خەریكی لێكۆڵینەوە و توێژینەوەیە، سەبارەت بە ژیان و گوزەرانی كوردە پەناهەندەكانی دانیشتووی هۆڵەندە و تا ئێستا چەندین گفتوگۆی لەگەڵ خەڵكانی خۆیی و شارەزایاندا ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی بتوانێت گرفتەكانی ڕۆژانە و گوزەرانی پەناهەندەی كورد دەست نیشان بكات و پاشان بە گوێرەی توانا هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگەچارە یان ڕێنماییان بۆ بدات.

ساڵانی ڕابردوو میدیـا كۆمەڵێك نامیلكەی هەمەجۆری زانیاری بەخشینی بڵاوكردۆتەوە و كۆڕ و كۆبونەوەی لە بارەی پێویستییەكانی كۆمەڵگاوە ساز كردووە ، بۆ ئەوەی زیاتر لەو بابەتانە قوڵ بینەوە و بچینە ناو كرۆكی مەسەلەكانەوە بە باشمان زانی، ئەمجارەش كۆڕێكی زانیاری بەخشین سەبارەت بە كار و كاردۆزینەوە ساز بكەین، بۆ ئەوەی بتوانین هەندێ لە گرفتە سەرەكیەكانی گوزەرانی، پەناهەندەی كورد دەست نیشان بكەین، كە بەشێوەیەكی گشتی هەمووی لە (**بێ كاری**)دا خۆی دەنوێنێ و زۆربەی گرفتەكان لەوێوە دەست پێ دەكەن و كەم وكوڕیەكانی ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵ لە بێكاریەوەیە سەرچاوە دەگرێت بۆ ئەوەی كۆمەڵگای كورد لەوە زیاتر بەرەو بێكاری نەچێت. هۆیەكان و كەموكوڕیەكان دەست نیشان بكەین. بۆ هەوڵ دان و كەم كردنەوەی ئەم گرفتانە، یانەی كوردی میدیـــــا لە ئەمستردام، ئەم ڕۆژی زانیاری بەخشینەی ڕێك خستووە. بۆ ئەوەی زانیاریەكان ڕاست و ڕەوان بن و دەماودەم نەیان بیستین، بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی كراوە لەگەڵ ڕێكخراوی (Emplooi)ی و بەڕێزان R. Kader ، *Regio Management West- Nederland* و M.Rijnraats ، Adviseur لەو دەزگایە ئامادەیی خۆیان دەربڕی، تا ئەمڕۆژە كۆمەڵێك زانیار هەمە چەشنەمان لەسەر كاروكاردۆزینەوە و بازاڕی كار بۆ باس بكەن.

سەرنج: هەڵسوڕێنەرانی كۆڕەكە، یەكەمیان بە كوردی و دووەمیان بە هۆڵەندی قسە دەكەن و لە هەمان كاتدا ناوەڕۆكی باسەكەی دووەم، دەكرێت بە كوردی و بە پێچەوانەشەوە پرسیار و سەرنجی ئامادەبووانیش دەگەیەنرێت بەخاوەن باسەكان.

تێبینی: بۆ زانیای زیاتر دەتوانن بە هۆی ژمارە تەلەفۆن و فاكسی میدیــــاوە 020- 69 35 915 پەیوەندیمان پێوە بكەن. كاتژمێر 13,00 بۆ 16,00 پاشنیوەڕۆ ڕۆژانی دووشەممە تا هەینی.

عیماد عێزەت

سەرپەرشتكاری یانەی كوردی "میدیـــــــا"

*بەرنامەی ڕۆژەکە:*

**کۆڕێکی زانیاری بەخشین بۆ کاروکاردۆزینەوە،**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی : 30 / 03 / 2002

کاتژمێر: 14,00 بۆ 14,15 پێشوازی و بەخێرهاتن.

کاتژمێر: 14,15 بۆ 14,30 ووتارێکی کورتی میدیـــــا لە بارەی مەبەستی کۆڕەکە.

کاتژمێر: 14,30 بۆ 15,45 بەڕێز (R. Kader) کارمەند لە ڕێکخراوی Emplooi بە پلەی *Regio Management West- Nederland* باسێکی ڕێکخراوەکەیان و ڕۆڵیان لە بواری کار و کادۆزینەوەدا و شوێنی پەناهەندە لە بەرنامەی کاری خۆیاندا پێشکەش دەکات.

کاتژمێر: 15,45 بۆ 16,15 بەڕێز M.Rijnraats ، Adviseur لە ڕێکخراوی Emplooi.

کاتژمێر 16,15 بۆ 16,30 پشوو.

کاتژمێر 16,30 بۆ 17,00 بۆ گفتوگۆ و پرسیار کردن و پاشان بەڕێکردن و خواحافیزی.

ناونیشانی نووسینگەی یانەی کوردی میدیای لە ئەمستردام: Pieter Nieuwlandstraat 95

ترامی ژمارە: 3 و 7 و 10 و 14 لە وێستگەی (Dapperstraat) دادەبەزیت. (پاشان بە پێ دوو دەقیقە رێ یە)

ئۆتۆبووسی ژمارە: 22 و 37 و 120 و 59 لە وێستگەی (Dapperstraat) دادەبەزیت. (پاشان بە پێ دوو دەقیقە رێ یە)

شەمەندەفەر: بە (Stoptrein) لە وێستگەی (Muiderpoort) دادەبەزیت. (پاشان بە پێ دوو دەقیقە رێ یە)

Activ.Arbeidsmarkt-nama